پۆلیسی سەیدسادق دوو تەمەتباریان دەستگیرکرد کە پارچەی ئەتەمبۆلیان دزیوە

مەفرەزەکانی بنکەی پۆلیسی حەساری سەر بە بەشی پۆلیسی سەیدسادق دوو تەمەتباریان دەستگیرکرد کە لە ناوچەی پیشەسازی هوانەی شاری سلەمانی پارچەی ئەتەمبۆلیان دزیوەو لە ناوچەی پیشەسازی سەیدسادق فرۆشتویانەتەوە.

پۆلیسی سلەمانی ئاژی یەکشەممە ڕایگەیاند، "دوای ئەوەی هێزەکانی پۆلیس گومانیان لە دوو تەمەتبار کرد کە چەندین پارچەی ئەتەمبۆلیان پێیە و هەوڵی ساغکردنەوەی دەدەن، هێزەکانی پۆلیس لەکۆمینەوەکانیان دەستپێکردو چاودێریان خستە سەر تەمەتبارەکان، پاش وەرگرتنی بڕیاری دادوەر، مەفرەزەکانی بنکەی پۆلیسی حەساری سەر بە بەشی پۆلیسی سەیدسادق هەردوو تەمەتبارەکەیان دەستگیرکرد"، هەروەها لە کاتی دەستگیرکردنی تەمەتبارەکاندا دەستیشگیرا بەسەر ئەتەمبۆلێ و چەندین پارچەی ئەتەمبۆلدا.

هەروەها هاتووە، تەمەتباران دانیان بە تاوانەکەیاندا ناوە کە لە ناوچەی پیشەسازی هوانەی شاری سلەمانی پارچەی ئەتەمبۆلیان دزیوەو لە ناوچەی پیشەسازی سەیدسادق فرۆشتویانەتەوە.